**پاشكۆی ١**

## تەمێكردنی منداڵان لەنێو خێزانی باوەڕدار

**پێشەكی** : یەكێك لە بەشە گرنگەكانی ڕاهێنانی منداڵان لە خێزانی باوەڕداردا تەمێكردنە .

لە عیبرانیەكان ١٢: ٥- ٦ دەخوێنینەوە : " ڕۆڵەكەم، بە سووكی تەماشای تەمبێكردنی یەزدان مەكە، هەروەها كاتێك سەرزەنشتت دەكات ورە بەرمەدە، چونكە ئەوەی یەزدان خۆشییووێ تەمبێی دەكات،هەروەها هەر یەكێك وەك ڕۆڵەی خۆی وەریگرێت، بە گۆچان لێی دەدات " وە لە پەندەكان ٣: ١٢ دەخوێنینەوە : " چونكە ئەوەی یەزدان خۆشی بوێ تەمێی دەكات و وەك باوكێك بە كوڕ دڵخۆش دەبێت." بە پێی وشەكانی خودا تەمێكردن گوزارشە لە خۆشەویستی . بۆیە دەبێت تەمێكردن گوزارش نەبێت لە توڕە بوون و دەرچوون لە كۆنترۆڵ یان سزایەكی نادادپەروەرانە كاتێ ئەنجامی دەدەن . دەبێت تەمێكردن هەمیشە لە كەشێكی ڕاستی و خۆشەویستیدا پەیرەوبكرێت .

**١. تەمێكردن بەشێكی گرنگە لە پرۆسەی ڕاهێناندا .**

**ئاشكرای بكەو گفتوگۆی لەبارەوە بكە** : چۆن تەمێكردن بەشیك دەبێت لە پرۆسەی ڕاهێنان ؟

پەندەكان ٢٢: ٦ **بخوێنەوە** : وشەی " پەروەردە " لە پەندەكان ٢٢: ٦ وە ئەفەسۆس ٦: ٤ واتە وەدەستهێنانی نەریتی باش لە ڕێگەی پەروەردەو ڕاهێنانی دروستەوە .

ئەفەسۆس ٦: ٤ ؛ كۆلۆسی ٣: ٢١ **بخوێنەوە** . سەرنج بدە بە پێی وشەكانی خودا باوكان بەرپرسیارن لە تەمێكردن وڕاهێنانی منداڵەكانیان . هەرچەندە دایكان یارمەتی باوكان دەدەن لەم ڕووەوە بەڵام دەبێت باوكان ئەم بەرپرسیارێتیەی كە خودا داویەتی پێیان فەرامۆشی نەكەن .

عێبرانیەكان ١٢: ١٠- ١١ **بخوێنەوە** . تەمێكردنی منداڵان لە بناغەدا بە واتای سزادان نایەت بەوشێوەیەی منداڵەكە ئەو هێڵەی بەزاند كە بۆی دانراوە ئیدی سزا بدریێ ، بەڵكو واتە ڕاهێنانی منداڵ ئەو ڕێگەیە بگرێتە بەر كە دەبێت پێیدا بڕوات ( پەندەكان ٢٢: ٦) . بۆیە خۆشەویستی منداڵ تەمێ دەكات ، ئەم خۆشەویستیە منداڵ بە توندوتیژی تەمێ ناكات ، چونكە خودا ڕێگری دەكات لە باوك منداڵەكەی توڕي بكات یان تووی هەستكردن بە تاڵی بچێنێ تیایدا . واتای تورەنەكردنی واتە توڕەیی كەسێكی دیكە نەوروژێنی ، وە چاندنی تاڵی ووروژاندنی كەسێكی دیكەو بێزاركردنی ئەم كارانەی باوك دەبێتە هۆی ڕوخانی منداڵەكەی ، هەر باوك ودایكێك منداڵەكەی خۆش بوێ تەمێی دەكات ، بەڵام نابنە هۆی ڕووخانی . جیاوازی تەمێكرنی مەزن ئەوەیە منداڵە ڕابهێنرێ بەرەو پیرۆزی و پەیوەندی لەگەڵ خودا ، وە ئەو كارانە بكات كە دروستن لە ژیانیدا و لە پەیوەندی لەگەڵ كەسانی تر وە ئاشتی لە دڵدا دروست بكات .

**٢. تەمێكردن واتە سنورادانان .**

**ئاشكرای بكەو گفتوگۆی لەبارەوە بكە** : كام لایەنەیە خوداو باوك سنوری تێدا دیاری دەكەن ؟

**أ. خوداو باوك جۆرەها سنور دیاری دەكەن .**

دواوتار ٥: ١٧- ٢١ **بخوێنەوە** . دە ڕاسپاردەکە گرنگترین دە سنورە بەبێ ئەو کۆمەڵگە دەڕوخێ و ناتوانێ لە پەیوەندیدا بێت لەگەڵ خودا و کەسانی نزیکی .

مەتا ٥: ١٣- ١٦ ؛ زەبور ١: ١ ؛ زەبور ١١٩: ٣٧ ؛ پەندەکان ١: ١٠- ١٥ ؛ ٤: ١٤- ١٥ ، ٢٣- ٢٧ ؛ ٥: ١- ٨ ؛ ٦: ٢٠- ٢٩ ؛ ٧: ٢٤- ٢٧ ؛ ١کۆرنسۆس ١٥: ٣٣ **بخوێنەوە** . هەرچەندە باوەڕداران بەردەوام تێکەڵ بە کۆمەڵگە دەبن وکاریگەریان دەخەنە سەر بەڵام خوداو باوك سنور دیاری دەکەن بۆ منداڵ لەوەی تایبەتە بە جۆری ئەو کەسانەی دەبێت لە نزیکەوە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت بۆ نمونە باوەڕداران دەبێت خۆیان بپارێزن لە مامەڵەکردنی نزیك لەگەڵ خراپەکاران و فشەکەران و ئەوانەی دەبنە هۆی خراپەکاری و قومارچی و تاوانباران وگەندەڵان و هاوڕەگەزبازەکان و مێبازەکان و داوێن پیسان تاد. دەبێت باوەڕداران خۆیان نەخەڵەتێنن بەوەی گوایە تێکەڵ بوون لەگەڵ ئەوانە گەندەڵیان ناکات و خوی ئەوان ناگرن !

**ب. هۆکاری بوونی سنور .**

**ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە:** بۆچی خوداو باوك سنور دیاری دەکەن ؟

١ کۆرنسۆس ٨: ٩ ؛ گەلاتیە ٥: ١، ١٣، ٢٤ ؛ ١پەترۆس ٢: ١٦ **بخوێنەوە** .

**تێبینیەکان .**

باوك ودایك منداڵیان خۆش دەوێ بۆیە ئەوان ئازادی ڕەهایان نادەنێ ! خۆشەویستی ڕاستەقینە بازنەیەك دەکێشێ بەدەوری منداڵەکەدا بۆئەوەی بزانێ جیاوازی بکات لە نێوان هەڵەو ڕاست ، وە بۆئەوەی بزانێ ئەنجامی خراپە و هەڵە چیە . بۆ پاراستنی منداڵ باشترە بازنە و هێڵ وەکو سنور دیاری بکرێت بۆی تاکو لە ئارامیدا بێت .

**٣. تەمێکردن واتە سەرزەنشت کردن و ڕاستکردنەوە .**

**أ. گرنگی سەرزەنشتکردن .**

١ سامۆئیل ٢: ٢٢- ٢٤ ؛ ٣: ١٢- ١٣ ؛ پەندەکان ٢٧: ٥ بخوێنەوە .

**ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە** : چۆن دەرکەوت کە منداڵەکانی عالی کاهین لەڕووی تەمێکردنەوە لاوازن ؟

**تێبینیەکان .**

عالی کاهین دوو منداڵی خراپی هەبوو ، عالی زۆر قسەی کرد لەگەڵیان بەڵام سەرزەنشتی نەکردن ، لێیانی پرسی بۆچی ئەم کارانە دەکەن ؟ بەڵام ئەمە سەرزەنشت کردن نیە بەڵکو بانگەوازە بۆ وەستان لە کاری خراپ. دەبوو بپرسێ وەرن بزانم چیتان کردوە ؟ دەبوو ڕوبەڕویان ببێتەوە بە پێی ئاستی خراپەکارین . دەبوو سەرزەنشتیان بکات .

**ب. لایەنە جیاوازەکانی سەرزەنشت .**

**ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە** : ئەو لایەنە جیاوازانەی سەرزەنشت کامەیە بۆ منداڵ ؟

ئەفەسۆس ٥: ١١ **بخوێنەوە** . لە زمانی یۆنانیدا سەرزەنشت واتە ئاشكراكردنی هەڵە یان گوناهەی منداڵەكە . دەبێ منداڵەكە بزانێ چی هەڵەیەكی كردوە . هەروەها دەبێت باوك ئاگادار بێت و هەوڵ بدات وا لە منداڵەكە بكات كە بزانێ هەڵەكەی چی یە و چی كردوە ، وەكو گوناهە یان هەلە لەبەرچاوی خودا و لەبەرچاوی خۆی .

پەندەكان ٢٧: ٥- ٦ ؛ ٢٨: ٢٣ **بخوێنەوە** . وە دەبێت باوك بەمنداڵەكەی بڵێ من ناڕازیم لەسەر ئەو جۆرە هەڵەیە یان گوناهەیە و سەرزەنشتی بكات .

تیتۆس ١: ٩ **بخوێنەوە** . ئەگەر پێویست بوو دەبێت باوك بیانوی منداڵەكەی ببڕێت لەو هەڵەیەی كردویەتی لەگەڵ ئەمەشدا دەبێت دەرفەت بە منداڵەكەی بدات تاكو بۆی ڕوون بكاتەوە چی كردوە . ئەگەر هەڵەی كرد دەرهەق بە منداڵەكەی دەبێت داوای لێبوردنی لێبكات .

یۆحەنا ١٦: ٨ بخوێنەوە . هەروەها ٢ تیمۆساوس ٣: ١٦ بخوێنەوە . سەرزەنشت كردن واتە یارمەتی دانی منداڵ بۆ ڕاستەڕێكردنی كامە باشەو دروستە ئەوە بكات .

عیبرانیەكان ١٢: ٦؛ پەندەكان ٢٢: ١٥ بخوێنەوە . ئەگەر منداڵەكە بەردەوام بوو لە یاخی بوون یان دڵی خۆی ڕەق كرد بەرامبەر بە دایكوباوكی و ئاڵنگاری دەسەڵاتی دایكوباوكی كرد ئەو كات دەبێت دایكوباوك سزای بدەن بە شێوازێكی گونجاو .

**٤. تەمێكردن واتە سەرزەنشت و ڕاستەڕێكردن .**

**ئاشكرای بكەو گفتوگۆی لەبارەوە بكە** : خەڵات و سزای گونجاو كامانەن؟

**أ. خەڵات .**

بەشێوەیەكی گونجاو خەڵاتی بكە . دەبێت دایكوباوك بیر لە ڕێگەی جیاواز بكەنەوە بۆ هاندان وخەڵاتكردنی مندالەكانیان تاكو هانیان بدەن لەسەر ڕێگەی گونجاو و ڕاست بمێننەوە .

ئەو خەڵاتانەی دەكرێ منداڵەكە لەسەر ڕێگەی ڕاست بهێڵنەوە :

*سوپاسی منداڵەكە بكە و پیایدا هەڵبدە لەسەر كارە دروستەكەی * باوەشی پێدا بكەو گرنگی تەاوی پێبدە. * منداڵەكەت لەگەڵ خۆتدا بەرە دەرەوە بۆ پیاسە یان ئەو شوێنەی حەزی پێدەكات. * ئازادی زیاتری بدەرێ لەچاوپێكەوتنی هاوڕێكانی . * جۆرێك لە خەڵاتی بدەرێ .

**ب. سزاكان .**

بەشێوازێكی گونجاو سزای بدە . هەروەها دەبێت دایكوباوك بیر لە ڕێگەی جیاواز بكەنەوە بۆ سزادانی مندالەكانیان بۆ تۆبەكردن لە ڕێگە هەڵەكەیان و گەڕانەوەیان بۆ ڕێگەی ڕاست و دروست .

ئەو سزایانەی دەكرێ ببێتە هۆی گەڕانەوەی منداڵ لە ڕێگە خراپەكەی . *سەرزەنشتی منداڵەكە بكە لەسەر سنوربەزاندن بەڵام سوكایەتی بە كەسایەتی منداڵەكە مەكە . * بەجیا لەگەڵ منداڵەكە قسە بكەو دەرفەتی بدەرێ بیر بكاتەوە لە هەڵەكەی . * ئەو ژوانە بوەستێنە كە هەتبوو لەگەڵ منداڵەكە بۆ چونە

دەرەوە یان پیاسە . * هەندێ ئازادی لێ وەربگرەوە وەکو چاوپێکەوتنی هاوڕێکانی . * هەندێ خەرجی گیرفانی لێ کەم بکەوە.* کارێکی زیاتری پێ بسپێرە لە ماڵەوە . * ئەگەر زۆر پێویست بوو گۆچان بەکار بهێنە بۆ سزادانی .

**سزای منداڵەکە بدەو چاوت لەسەر ڕزگاری و سودی ئەو بێت.**

ئامۆس ٤: ٦- ١٢ ؛ حەگەی ١: ٢- ١١؛ لۆقا ١٢: ٤٧- ٤٨ ؛ گەلاتیە ٦: ٧- ٨ **بخوێنەوە** .

**تێبینیەکان** .

خودا حوکم و سزای خەڵکی دەدات لە ئێستادا بە سزای زەمەنی لە پێناوی ڕزگاربونیان لە سزای هەتاهەتایی ( مەتا ٢٥: ٤٦) .

خوداوەند نەتەوەیەك تێکدەشکێنێ لەپێناوی ئەوەی خەڵکی بگەڕێنەوە بۆ تۆبەکردن و ملکەچی ( یەرمیا ١٨: ٥- ١٧) . خودا سزای خەڵکی دەدات بە برسێتی و تینویەتی یان لەناوچوونی بەرهەمی کشتوکاڵ یان نەخۆشی و پەتاو شکستی جەنگ و شەڕ و کاولکاری و وێرانبوونی شارەکانیان لە پێناوی هاندانی خەڵکەکەی بۆ گەڕانەوە بۆلای خۆی (ئامۆس ٤: ٦- ١٢).

(حەگەی ١: ٢- ١١) (لۆقا١٢: ٤٧- ٤٨) ( گەلاتیە ٦: ٧- ٨) .

**خاو مەبەو دەستبەجێ سزای بدە .**

ژیرمەندی ٨: ١١ **بخوێنەوە** . کتێبی پیرۆز دەفەرموێ : " لەبەر ئەوەی کارکردن بە بڕیار لە دژی کاری خراپە پەلەی لێ ناکرێت، دڵی ئادەمیزاد پڕ بووە لە پیلانی خراپ "

**تێبینیەکان** .

کاتێ دەسەڵاتێکی حوکمڕان لە وڵاتێکدا سزای تاوانباران نادات ئیدی تاوانبارەکان دەبنە کەڵەگاو گوندەو لوتبەرز دەبن وتاوانی زیاتر ئەنجام دەدەن ! بەم شێوەیە کاتێ دایکوباوك منداڵەکانیان دەستبەجێ سزا نادەن زیاتر لادەدەن و هەڵەی زیاترو دیکە ئەنجام دەدەن .

**سزای بدە بە خۆشەویستی .**

زەبور ٨٩: ٣٠- ٣٤ .

تێبینەکان .

خودا هەروەها سزای ڕۆڵەکانی دەدات کاتێ ڕاسپاردەکانی جێبەجێ ناکەن لەگەڵ ئەمەشدا خۆشەویستیەکەی کەم ناکات لەبەرامبەریان ! " ئەوەی ڕێگا لە کوتەك بگرێت ڕقی لە کوڕەکەیەتی، بەڵام ئەوەی خۆشیبووێت گرنگی بە تەمبێکردنی دەدات. " پەندەکان ١٣: ٢٤ .

بە کوتەك سزای بدە ئەگەر پێویست بوو .

پەندەکان ١٣: ٢٤ ؛ ١٩: ١٨؛ ٢٠: ٣٠ ؛ ٢٢: ١٥؛ ٢٣: ١٣- ١٤ ؛ ٢٩: ١٥، ١٧ بخوێنەوە .

هیچ حکومەتێکی دەسەڵاتدار نیە لە جیهاندا ئەو مافەی نیە بەرهەڵستی ڕاسپاردەکانی خودا بکات سەبارەت بە سزادانی منداڵ لەلایەن باوکەوە . هەر دەسەڵاتێک ڕاسپاردەکانی خودا ڕەتبکاتەوە خودی خودا ڕەتدەکاتەوە . وە خودا لە کۆتاییدا حوکم دەدات بەسەریداو ڕەتی دەکاتەوە ( زەبور ٢؛ پەندەکان ١: ٢٨- ٣٣ ؛ کردار ٤: ١٩- ٢٠ ؛ ٥: ٢٩ ؛ ١سالۆنیکی ٤: ٨؛ ٢ سالۆنیکی ١: ٨- ١٠) !

٥. تەمێکردن واتە گوێرایەڵیکردن بە بەردەوامی.

ژیرمەندی ٥: ٥ " باشترە نەزر نەکەیت لەوەی بیکەیت و ئەنجامی نەدەیت. "

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : چی دەبێت ئەگەر باوك هەڕەشي بکات لە کوڕەکەی بڵێ سزات دەدەم بەڵام دوایی سزای نەدات ؟

تێبینیەکان .

ژیرمەندی ٥: ٥ فێرمان دەکات " باشترە نەزر نەکەیت لەوەی بیکەیت و ئەنجامی نەدەیت. " باشترە هەڕەشەی بەتاڵ وبێ سود ئاراستە نەکەیت وەکو " ئەگەر ئەمە نەکەیت سزات دەدەم " ! ڕەنگە ئەم جۆرە هەڕەشانە منداڵەکە وا لێبکات لە ترسی سزادا بژی ، یان درۆ بکات لە ترسی سزا ، یان پلان دابنێ بۆ خۆشاردنەوەی و دەربازبوونی لە سزا .

٦. تەمێکردن واتە دڵنەوایی کردنی منداڵەکە دوای تۆبەکردنی یان سزا دانی.

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : هۆکاری گرنگی لێخۆشبوون و دڵنیاکردنی منداڵ چی یە؟

لۆقا ١٧: ٣ ؛ ٢کۆرنسۆس ٢: ٥- ٨ بخوێنەوە .

تێبینیەکان .

دوای تۆبەکردنی منداڵ لە گوناهەکەی یان هەڵەکەی یان دوای سزادانی لەلایەن باوکیەوە ، دەبێت باوك لە منداڵەکەی خۆش بێت و دڵنەوایی بکات. وە نوێژی لەگەڵ بکات و خۆشەویستی بۆ دەرببڕێت چونکە کتێبی پیرۆز وامان فێر دەکات باشترە لەباوەشی بگرێ ونوێژی لەگەڵ بکات .

پەندەکان ١٧: ٩ ؛ عیبرانیەکان ٨: ١٢ ؛ مەتا ١٨: ٣٥ بخوێنەوە .

سەرنج بدە "لەبیرچوونەوە" ی گوناهە جیاوازی هەیە لەگەڵ " باس نەکردنەوەی گوناهە" یان هەڵە . دوای ئەوەی باوك لە منداڵەکە خۆش بوو دەبێت بە هیچ شێوەیەك باسی ئەو بابەتە نەکاتەوەو نەیوروژێنێ . چونکە ئەمە نمونەیەکە لەسەر خودای باوك کاتێ لە گوناهەی مرۆڤ خۆش دەبێ بەیەکجاری چاوپۆشی لێدەکات و باسی ناکاتەوە و نایداتەوە بە ڕوویدا .

**٧. تەمێکردن واتە هاندانی منداڵەکە .**

کۆلۆسی ٣: ٢١ ؛ پەندەکان ١٥: ١ بخوێنەوە .

**ئاشكرای بكەو گفتوگۆی لەبارەوە بكە** : كام شێوازانە منداڵ تووڕە دەكات لەلایەن باوكیانەوە ؟ وە كام شێوازانە دەكرێ منداڵ هانبدات لەلایەن باوكیانەوە ؟

أ. شێوازەكانی تووڕەكردنی منداڵ .

دەبێت باوك منداڵەكەی بێزار نەكات و تووڕە نەكات بە تەمێكردنی زیاد لە پێویست یان كەمتر . كۆلۆسی ۳: ۲۱: " ئەی باوكەكان، منداڵەكانتان تووڕە مەكەن، نەوەك نائومێد بن. " وە لەبەرچاوی كەسانی تر مەیشكێنەوەو مەیڕوخێنەو بریندار ی مەكە بە قسەی زبر و هەرگیز خەجاڵەتی مەكە ! پەندەكان ۱۵: ۱ "
وەڵامی نەرم تووڕەیی دەڕەوێنێتەوە،
بەڵام قسەی بریندارکەر ڕق دەوروژێنێت."

**ب. شێوازەكانی هاندانی منداڵ .**

پەیوەندی كەسێتیت لەگەڵ منداڵەكانتدا بپارێزە . وەكو شتومەك مامەڵە لەگەڵ منداڵەكانت مەكە چونكە ئەوەی مامۆستایان ودایكو باوك دەیچێنن لە منداڵەكاندا دواتر لە گەورەبووندا دروێنەی هەمان ئەو شێوە چاندنە دەكەنەوە . ( گەلاتیە ٦: ۷- ۸) . لای هەر منداڵێك پێویستیەكی گەورە هەیە ئەویش ئەوەیە پەیوەندیەكی تۆكمەو پتەوی كەسێتی هەبێت بە دایكو باوكیەوە و بە مامۆستاكەیەوە . بەردەوام پێی ڕابگەیەنە كە خۆشت دەوێ! وە كات بەسەر بەرن لەگەڵیدا و لەباوەشی بگرن و هاوسۆز بن لەگەڵیدا و ڕاستگۆ بن لەگەڵیدا . هانیان بدەن بۆ بەردەوام بوون لە كارە باشەكانیان ودەستخۆشیان لێ بكەن ، هەموو ئەمانەو زیاتریش لەگەڵ منداڵ ئەنجام بدەن لە پیاهەڵدانیان و هاندان و یارمەتیدانیان چونكە ئەوان هەمیشە پێویستیان بە ڕاوێژ و هاوكاریە ، بەتایبەتی كاتێ كارەكانیان ڕادەپەڕێنن دەستخۆشیان لێبكەن و پیایاندا هەڵبدەن .